# وەلامیك بۆ ( بەڵێ) كانی ( عدنان مفتی)

هیدایەت مەلا علی

لە شەوی ٦ی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٣ لەبەرنامەی دیدار كەلە سەتەلایتی كوردساتەوە لەلایەن (ئازاد صدیق) وەوە پێشكەش دەكرێت.

(عدنان مفتی ) ئەندامی مەكتەبی سیاسی ( ی. ن. ك) بانگهێشت كرابوو، بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر كۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عیراقی لە لەندەن. سەرەرای ئەوەی هەموو قسەوباسەكانی (عدنان مفتی ) لەسەر ئوپوزیسیۆن و كۆنگرەكەی وەلام دەخوازێت، بەلام من لێرەدا زیاتر لە گۆشەیەكەوە دەمەوێت ولامێك بە قسەو باسەكانی بدەمەوە كە بتوانێ نیشانی هەموو ئەو قسانە بپێكێت كە ئەم بەرێزە كردنی. ئەم وەلامەش لە ئەنجامی وەلامی بە شیعاری بە ئەندامانی ( حككع) وە هات كە بە تەلەفون لەگەل بەرنامەكەدا كردی.

من هەموو مداخەلەكەی ئەو ئەندامەی حیزب باس ناكەم، بەلام ئەو دەنگانەی كە لە دیوی دەرەوەی كۆنگرەكەتان شیعاریان دەداو دەیانووت :

نا بۆ بەعس، نا بۆ ئەمریكا، نا بۆ كۆنگرەكەی ئیوە. ئەو دەنگانە حككع بوون. سەرەرای ئەوەی كە هەر بەناوهێنانی (حككع) پیشكەش كەری بەرنامەو ( عدنان مفتی) نارەحت بوون و پیشكەش كەری بەرنامە وویستی قسەكانی پێ ببرێت بەلام ئەو لە سەر قسەكانی خۆی بەردەوام بوو. لە ئەنجامدا وەلامی ( عدنان مفتی) بۆ ئەم مداخەلەیە بەم جۆرە بوو: ئەوان حیزبیكن بە هەموو شت نا دەلێن، دلین نا نا ئەمەسولن.

دەلین نا بۆ بەعس، نابۆ ئەمریكا، نا بۆ گۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عیراقی. لەراستی دا دەربرینی رستەیكی واو نیگەرانی (عدنان مفتی) لەو شیعارانەی حیزبی ئیمە لە خۆوە نی یە، ئەو لەو ( نا) یانە پەیوەندی بە حیزبەكەی ئەو و ئۆپۆزسیونەكەیەوە هەیە. وە لە رووی واقعی یەوە بۆ ئەوان مافی خۆیانە و یەكێك لە ئەصلێترین پایەكانی وجودی ئەوان ( بەلێ) ی ئەوانە بە ناكانی ئێمە.

بەلێ بۆ بەعس، بەلی بۆ ئەمریكا، بەلی بۆ كۆنگرەی ئۆپۆزسیون. لە راستی دا ( عدنان مفتی) پراوپر ئێمەی دەناسێ كە زیاتر لە ( ١٠) ساڵە هەڵسورانی حیزبی ئێمە و كارو هەلۆیستی سیاسی و كۆمەلایەتی مان لەدژی بەعس و ئەمریكا و ئەحزابی بەناو ئۆپۆزسیون بووە.

ئێمە لە روانگەی بەرژەوەندی یەكانی خەلكی عیراق و كوردستانەوە دەلێن نا بۆ بەعس، چونكەبەعس بەمانای نابۆ ئەنفال بۆ كیمیایی نا بۆ ئیعدام نا بۆ گۆرستانی بەكۆمەل نا بۆ قەسابخانەكانی موصل و ئەبوو غریب. ئێمە دەلێن نا بۆ ئەمریكا بەمانای نا بۆ گەمارۆی ئابوری و برسیەتی كردنی خەلكی عیراق. نا بۆ ملهورێ و عەسكەرتاریەت، نابۆ بەدیلی نا ئینسانی و حوكمی جنەرال. نا بۆ قازانج پەرستی سەرمایەگوزاری ئەمریكا. ئێمە دەلێن نا بۆ كۆنگرەكەی ئێوە چونكە كۆنگرەكەی ئێوە خەریكی بەرێ خستنی سیناریۆیەكی رەشە بۆ خەلكی عیراق و كوردستان.

چونكە كۆنگرەكەی ئێوە لە پێكهاتەیەكی قەومی و ئیسلامی و عەشائیری پێك هاتووە كە خەلكی ٣٤ ساڵە لەم پێكهاتەیە هەل دێن و خەباتی لەبەرامبەردا دەكەن. چونكە كۆنگرەكەی ئێوە دەیەوێت ( رفیق سامرائی و احمد جەلەبی و نزار خەزرەجی ) بكات بە دەم راستی خەلك و ئایندەی ئەم كۆمەلگایە تەسلیم بە ئەوان بكات كە تا ئانیشكیان هەر خۆێنە.

چونكە كۆنگرەكەی ئێوە هێزیك نوێنەرایەتی دەكات كە لە ئەحزابی قەومی و كوردو عەرەب و ئیسلامی كە ١٢ ساڵە دەستیان سوورە بە خوێن لە شەرێ ناوخۆی نێوان خۆیان و لە سەركوتی نەیارانیان و لە تیروری و كوشتنی سەدان ئینسان سیاسی و كۆمۆنیست و پێشكەوتخواز.



www.kurdistannet.org

بۆیە ئێمە لە ڕوانگەی مسئوول بوونمان لەبەرامبەر خەڵکا حەقمانە بڵێن نا بۆ بەعس، نا بۆ ئەمریکا نا بۆ کۆنگرەکەی ئێوە. ئێوەش مافی خۆتانە بەلی بۆ هەموو ئەمانە بکەن و چونکە ئەو بەڵی یانە ڕەوشتی سیاسی ئێوەی بەم جیگایە گەیاندووە. بەڵی بۆ بەعس هەقی خۆتانە ئێوە بە پێی جێگەوڕێگەی کۆمەلایەتی و چینایەتیتان هەمیشە لایەنیکی کارتان لە گەڕانەوە بووە بۆ لای بەعس و میژوو شاهیدە. حەکەم و ئەندازیار بوونی ( صدام) لای ئێوە لە خۆوە نەهاتووە لە سالی ١٩٨٣ — ١٩٩١ ئەم هەلویستەی ئێوە ڕۆشن و دیار بوو. بەڵێ بۆ ئەمریکا مافی خۆتانەچونکە وجودی ئێوەو دەستەلاتەکەتان لە ئاکامی شەڕی کەنداوی دووهەمەوە شاخصی بەحاکم بوونی داونەتێ. بەبێ فرۆکەو کەشتیە گەورە سەربازیەکانی ئەمریکا ئێستا ئێوە دەستەلاتداری ناوچەیەکی چارەنووس هەڵواسراو نەئەبوون. بەڵێ بۆ ئەمریکا مافی خۆتانە چونکە بە ئوردگاکردنی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوەو کردنی ئیوە بەکارتی فشار لەسەر دەستەلاتی گەندەلی بەعس نانی لی دەخۆن و سەرووەت کۆدەکەنەوە. بەلێ بۆ کۆنگرەو ئۆپۆزسیۆنی عیراقی بەشداریتان مافی خۆتانە چونکە ئیوە بە شەریك بوونتان لە ئایندەی دەستەلات لە عیراق مسۆگەر بکەن. ئیوە بەبێ ئەم ئۆپۆزسیۆنەو کۆنگرەیە ناتوان بچنە شانی ( باقرحکیم و نزار خەزرجی و رفیق سامرائی و ئەحمد جەلەبی) بۆیە مافی خۆتانە بۆ هەموو بەڵێ کانی ( حککع) کە زیاتر لە١٢ سالی هەلسوڕانی سەنگەری بەرگری بوو لە خەلك.

لەدژی ئەمریکا لە دژی بەعس لە دژی ئۆپۆزسیونی عیراقی. ( حککع) تەنها هیزی جیدییە بۆ کۆتای هینان بە ژیانی پڕ لە مەئەساتی خەڵکی عیراق و کوردستان. بۆ ئەوەی بەر بە سیناریوی ڕەشەکانی بگرین با ئەم حیزبە بەهێزبکەین و پێوەی پەیوەست بین.

١٥- ١-٢٠٠٣

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بیت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت